Signature Not Verified
Copyright 2001
www.nuserikurd.com
Digitally signed by Copyright 2001 www.nuserikurd.com
DN: cn=Copyright 2001 www.nuserikurd.com, c=SE
Date: 2001.12.06 15:54:48 +01'00'

هۆنراوە بۆ منداڵان

# ئەچم بۆ شاری شووکردن بۆ نانی گەنم خواردن

سەردار فەتاح ئەمین

ئەمستردام
چاپی دووەم، ٢٠٠١

لە چاپەمەنییەکانی بنکەی پەخش و بڵاوکردنەوەی
"یادەوەری هاوڕێیان"لە هۆڵەندا

*ناوی کتێب : ئەچم بۆ شاری شووکردن بۆ نانی گەنم خواردن*

چاپ مۆنتاژ : سەردار فەتاح.

تیراژ :

چاپی یەکەم : ١٩٩٩

چاپی دووەم : ٢٠٠١

ئەم نامیلکەیە لەم ناونیشانە دەست دەکەوێت:

ئەم هۆنراوانە هەموویان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وولاّتدا بلاّوکراونەتەوە، بەناوی خۆم و چەند ناوێکی خوازراوی وەك (س.سەپان حەسەن، سۆران،...)ەوە.

پێشکەشە بە ئازیز و خۆشەویستەکانم:

هەموو جگەرگۆشە کوردەکانی تاراوگە.

| ناوەڕۆك: | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی | ٥ |
| منداڵ | ٦ |
| ئەچم بۆشاری شووكردن بۆ نانی گەنم خواردن | ٧–٢٧ |
| مامۆستا | ٢٨ |
| كتێب | ٢٩ |
| بەستەی منداڵێكی ئاوارە | ٣٠–٣١ |
| خاڵخاڵۆكە | ٣٢–٣٣ |
| سروودی جۆلا | ٣٤–٣٥ |
| سروودی بەیانی | ٣٦–٣٧ |
| دار بەڕوو | ٣٨–٣٩ |
| بێداری | ٤٠–٤٢ |
| پەپوولە | ٤٣–٤٤ |
| مامۆستای نەمر | ٤٥–٤٦ |
| خونچەی بەهار | ٤٧–٤٨ |
| شوانە بچكۆلەكە | ٤٩–٥٠ |
| سروودی پەڕەسێلكە | ٥١–٥٢ |
| بەستەیك | ٥٣–٥٤ |
| باران | ٥٥–٥٧ |
| بەستەی منداڵ و دەریا | ٥٨–٦٠ |
| قەلەڕشكە | ٦١–٦٢ |
| مامۆستای گوندەكەمان | ٦٣–٦٤ |

# یەك دوو ووشە

منالە ژیکەلە و ئازیزەکانی هاوڕێم منیش هەر لە تەمەنی ئێستای ئێوە دا بـووم زۆر حـەزم لـە چـیرۆك و سەرگوزشـتە و هـۆنراوەی کـوردی ئـەکرد، چـیم بـەر دەسـت ئەکـەوت لـە نامیلکـە و گۆڤـار و کتـێبی جۆربەجۆر هەر لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی یەوە، کە لە قوتابخانـەی مەولـەوی کـوڕان بـووم ئـەم خوێنـدەوە، قـەرزار بـاری مامۆسـتا خۆشەویسـتەکانی ئەوکاتـە و سەرگوزشـتە و حەکایەتـە سـەرنج ڕاکێشـەرەکانی نـەنکی ئـازیز و خۆشەویسـتم خوالێخۆشـبوو (ئامینـە حەمە خالە*)م، کە منیان وا گۆش کـرد، حـەز لـە دنیـای ئەفسـاناوی فۆلکلۆری کوردی بکەم. هیوادارم توانیبێتم لە جیهانی پاکی منالّ نزیك ببمەوە و هەر نەبێت کەمێك دلّخۆشیان بکـەم، ئەگـەر نـا ئـەتوانن ئـەم ووشانەم کە لە دووتوێی ئەم بەرگەدایـە ڕەتـی بکەنـەوە کـورد ئـەڵێ (مالّی قەلّب بۆ سەری ساحێبی).

ئەمستردام

١٩٩٨/١٢/٢٥

---

* ئامینە حەمە خالە لە سالّی ١٩١٠ لە گوندی کرپچنەی بنـاری سـەگرمە لـە دایـك بـووە و لـە گوندی کانی کـەوەی ناوچـەی هەمەوەنـد گـەورە بـووە، لـە ١٩٨٥/٤/٧ لـە سلێمانی کۆچـی دوایی کرد.

# منداڵ

ئێمــه تیشــکی هەتاوین

زەوی و ئاسمان و ئاوین

بەهاری پـــاش بارانین

ڕوونی دڵی ئینســـانین

دەغڵ و دان و شەماڵین

کێـــوی بەرزی خەیاڵین

ئێمه بارانـــــی خوڕیـــــن

ڕێگەی دوورمان زوو ئەبڕین

چارەنووســـمان ڕووناکه

ڕێڕەوی جوان و پـــــاکه

# ئەچم بۆ شاری شووکردن

# بۆ نانی گەنم خواردن*

ڕۆژێ قالۆنچەی بەناز

خۆی هەڵ کرد بۆ کۆڵە پیاز

ڕێگەی دووری گرتەبەر

دایەپێش خۆی دەشت و دەر

هەزار و یەك خەیاڵی

هێناو برد بە بەتاڵی

ڕۆژێ ئەیگووت شوو ئەکەم

یان گوریس لە مووئەکەم

دوای خەیاڵی شوو کردن

بۆ نانی گەنم خواردن

زۆر شوێن و ڕێگای بڕی

جار جار ئاوازی ئەچڕی

ئەیووت و ئەیووتەوە

ئەیووت نەی ووتەوە

ئەچمە شاری شووکردن

بۆ نانی گەنم خواردن

کێ خۆی بە پیاو ئەزانێ

گورزی خۆی لێرە دانێ

هەر ڕۆی هەر ڕۆی کەس نەبوو

شوانی دەست بەزاخـــــــا چوو

ووتی قالۆنچە...... چیتە......؟

خێرە ئەم قیتە......... قیتە

قالۆنچە لێی ڕاپەڕی

هەروەکو سەگ، پێی وەڕی

هەزار و یەك هۆندیەوە

بەم بەندانە خوێندیەوە

+ شکڵت مرێ لنگ نەگری

دانەمرکێی گڕ بگری

چیتە ئەڵێی قالۆنچە

فەساڵت مریٚ گۆجە

_ بمبورە ئەی خانم گیان

نەمزانی چۆن بێمە ژوان

+ پێم بڵێ نازێ نازێ

چارۆکە پیازێ

تەقتەقە کەوشێ

سۆل بنەوشێ

ئۆغربێ......؟ (١)

- نازێ نازێ ی بە چاوان

- چارۆکە پیازیەی باوان

تەقتەقە کەوشیەی کیژۆڵان

سۆل بنەوشیێ ئۆغربێ

+ ئەچم بۆ شاری شووکردن

بۆ نانی گەنم خواردن

_ دەوەرە شوو بکە بە من

تا کوێر بێ چاوی دوژمن

+ ئاخر من شەرتم هەیە

_ شەرتەکانت، کامەیە...؟

+ یەکەم بە چی لێم ئەدەی

دووەمین چۆنم نان ئەدەی..؟

_ به گۆچانەکەی دەستم

ڕێی دنیات لێ ئەبەستم

بەنانی شوانی‌یەکەم

بژێوت پەیدا، ئەکەم

+ برۆ شوو بە تۆ ناکەم

دەستم بەزاخا ناکەم

جوتیارێك هاتە پێشێ

دیارە سەری ئەیەشێ

رووی تێ کرد دڵسۆزانە

کردیە دۆستی زەمانە

گوێی لێ بوو لە شوانەوە

چۆنی ئەلاوانەوە

بانگی کرد نازێ نازێ

چارۆکە پیازێ

تەقتەقە کەوشێ

سۆل بنەوشێ

ئۆغربێ......؟ (٢)

+ ئەچمە شاری شووکردن

بۆ نانی گەنم خواردن

_ بۆ نایەی شوو بکەی بە من

مارەیت زەوی و گاسن

بە بژێوی جوتیاری

ئەتگەیەنمە بەختیاری

بەڵام هەر بە قسەم نەکەی

+ گوایە بەچی لێم ئەدەی.....؟!

_ ئا ئەم گاڕامە (٣) ت دیــوە

دەستی گەلێك ناسیوە

شل کوتی عەمرت ئەکەم

+ ئەی گوایە، من دەنگ نەکەم..؟

برۆ لەم ناوە لاچۆ

من خۆم ناخەمە دەست تۆ

******

دوایی گەیشت بە مشکێ

x ووتی ها بۆ کوێ خوشکێ...؟

ڕێی وێڵ بە تەنیا مەبڕە

بە تاقی تەنیا مەمرە....!

+ چی‌یە پێم ئەڵێی خوشکێ

تۆش بووی بەشت ئەی مشکێ...؟

پێم یەژن نازێ نازێ

دەسگیرانی ئەو کەسەم

بە شەرت بۆ من بسازێ

نازانی من چیچانم x

ماقوڵی ناو پیاوانم

پێم یەژن چیچان ئاغا

کێیە وەك من جێ ڕاخا

لە ماڵ ئاغام سەرگەورەم

سمێڵ قیتی ئەم دەورەم

لێ پرسراوی زەخیرەم

من کلکی ئەو کەوگیرەم[٤]

لە گشت مەنجەڵێکدایە

بۆ گشت وەکو یەک وایە

******

قالۆنچە و مشك ڕێکەوتن

لە بەزمی خۆ نەکەوتن

چەند مانگ و چەند عەیامێ

بۆ چەند هیواو مەرامێ

کاری خۆیان پەرە دا

لەبەر خوانی ئاغادا

خزمەتکاری وا نابێ

تاكو دنيا دنيا بێ

*****

ڕۆژی قالۆنچەی بەناز

به مشكەی ووت به ئاواز

ئەمڕۆ ئەچمه كوڵكانی(٥)

خۆم ڕێك ئەخەم بەجوانی

سبەی ئەچم بۆ شایی

ئەبمه جوانی ئاوایی

قالۆنچه و مشك ڕۆیشتن

به شوێن پێیەك گەیشتن

شوێن پێی ئەسپ بوو دیار بوو

پڕ بارانی بەهار بوو

ووتیان سەرچاوەی چاکە

ئەم کانی و ئاوە پاکە

قولکە جەوتێکی هێنا

وەك جام بەکاری هێنا

چیچان ووتی نازە گیان

ئەڕۆمەوە دیوەخان

بە قولکە جەوت خۆت بشۆ

بێیتەوە تا نیوەڕۆ

**مشکه ئەوی بەجیٚهێشت**

**ئەم لیٚرە ئازاری چیٚشت**

**کەوتە گۆمە ئاوەوە**

**بلّێن بوو بە داوەوە**

**چیچان گەیشتە مالّەوە**

**بە خەم و خەیالّەوە**

**دلّی هەر لای نازە بوو**

**هەر ئەهات و هەر ئەچوو**

**لە پڕ میوان پەیدا بوون**

**دەست و پێوەند ئاغا بوون**

دەست کرا بە زەماوەند

شایی و هەڵپەڕکێ و گۆڤەند

لە پاش سفرەو خوانی زۆر

لە دیوەخان جۆر بەجۆر

پیاو ماقوڵان لە باسێ

ئەهاتنەوە سەر باسێ

یەکێ لە ڕێبوارەکان

هەڵی دایە لە دووان

لەو ڕێگەوە کە هاتم

بۆیە ئێستەکەش ماتم

گوێم لێ بوو لە دەنگە دەنگ

زۆر گەڕاشم نەبوو ڕەنگ

هاواری کرد هۆ ڕێبوار

ئەگەر ئەچی بەرەو خوار

لادەرە ماڵی ئاغا

بڵێ بە چیچان ئاغا

خانمە جوانێ، لە قوڕ لیتە

نەی ماوە ئەو قیتە قیتە

****

لە پڕ مشکە ڕاپەڕی

قسەی بە ڕێبوار بڕی

ئەی ووت لەبەر خۆیەوە

دیارە هەر بەم هۆیەوە

( هەی دەویتەی سمێڵ قیتە

هەتا نەتخوارد نان و تلیتە

نەت ووت خانمە جوانیٚ لە قوڕ لیتە) (٦)

سیکتر بن لێرە لاچن

وەرن سەریان هەڵقاچن(٧)

چیچان ئاغا بۆی دەرچوو

دڵیشی پڕ لە غەم بوو

چووه نزیك ئاوەکە

ووتی نازێ لاوەکە

ووێرمەنە دەی ووێرمەنە(٨)

دەرچۆ لە ئاو بێ چەنە

قالۆنچەکە ئەلەرزی

لە ترسا دابویە کزی

ئەشی ووت نەوێرمەنە

چی بوو ئا ئەم گۆبەنە...؟

مشکە زۆر ڕقی هەستا

لەسەر ئەوە نەوەستا

نازێ دەرهێنێ لە ئاو

ڕزگاری کا لە قوڕاو

فیلێکی زلی بینی

بۆیە گەیشتە تینی

هەتا توانی قوچانی

کلکی خستە سەر شانی

فیلەش بە نەرمی ئەهات

بێ ئەوەی گوێ بە هیچ بات

قالۆنچەی پان کردەوە

قوڕی بۆ مشك گرتەوە

ئێستەکەش لە ڕێگە و بان

قالۆنچەی ڕەشی قەتران

بە وویزە وویز هەر ئەڵێ

دڵێ نە گەیشت بە دڵێ(٩)

خانمە جوانێی چیچانم

بە ئەسڵ خانەدانم

ڕۆژگارێ بوو خۆم شت بووم

بە ناچاری لە دەست چووم

لەگەڵ چیچانی چالاك

بە هەردوو جووتە بێباك

# خزمەت چی دیوەخان بووین

# بەردەستی ئاغا و خان بووین

---

* ناوەڕۆکی ئەم شیعرەم لە حەکایەتێکی فۆلکلۆری کوردی‌یەوە، وەرگرتووە کە لە نەنکم خوالێخۆش بوو (ئامینە حەمە خاڵە) و دایکی خۆشەویستم (بەهیە سلێمان عەبدوڵڵا) بۆیان گێراومەتەوە. بەڵام من بەم شێوەیە لە شێوەی شیعرێکی کاریکاتۆریدا بۆ منداڵانم داڕشتۆتەوە. لە ژمارە (٣٤) ی تەموزی ١٩٩٥ ی گۆڤاری کاروان دا بڵاوکراوەتەوە، جارێکی تریش لە دووتوێی نامیلکەیەکدا لەگەڵ کۆمەڵێك چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی‌دا بە ناونیشانی(شێر ومشکە بچکۆلەکە) لە سوید لە ساڵی ١٩٨٧ دا بڵاوکرایەوە.

١– لە دەقە فۆلکلۆری‌یەکەوە وەرگیراوە.

٢– لە دەقە فۆلکلۆری‌یەکەوە وەرگیراوە.

٣– گاڕام: دارێکە بەدەست جوتیارەوە، لە کاتی جووت کردن دا گاکانی پێ‌لێ ئەخوڕێ.

٤– لەو پەندە کوردیەوە وەرگیراوە، کە ئەڵێ: (ئەڵێی ئەسکوێی ناو هەموو مەنجەڵێکە.)

٥– کوڵکانی: جل شتن و خۆشتنی سەر کانی لادێ، ووشەیەکی ناوچەی گەرمیانە.

٦– لە دەقە فۆلکلۆری‌یەکەوە وەرگیراوە.

٧– سەریان هەڵقاچن: قژیان هەڵپاچن...لە دەقە فۆلکلۆری‌یەکەوە وەرگیراوە.

٨– وێرمەنە: لە دەقە فۆلکلۆری‌یەکەوە وەرگیراوە، لە ووشەیەکی کوردی نی‌یە.

٩– لێرەدا مەبەست ئەو قالۆنچەیە نی‌یە، کە پانکراوەتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی هەر قالۆنچەیەك ببینرێت، کە ویزەویز بکات، ئەو دێڕانەی کۆتایی چیرۆکەکە ئەڵێت.

# مامۆستا

مامۆستا نووری چاوە
ڕەنجە پەیامی نـــاوە
دێراوی ڕستەی جوانە
خوێنی دڵی ئینســانە

مامۆستا ڕەگی قوڵـە
پڕ لە چالاکی و جوڵە
دڵی دەریای ئارامـــە
وتەی هیواو ئەنجامە

مامۆستا باوکە دایکە
ڕاهێنەری پڕ ســۆزە
بۆ ئێمەی منالّی پاك
پەیامێکی پـــیرۆزە

# کتێب

کتێب هاوڕێی ئینسانە

لابەری ئێش و ژانـــــــە

سەرچاوەی بیری ووردە

دەرمانی دەست و بردە

بۆ لابەری کەند و کۆسپ

ڕێگای ئاســــــۆیە پردە

کتێبی بیرێکی پـــــــــــاك

وەك خۆری دەم کەل ڕووناك

ئاوێنەی خۆ بینینە

خوێنی دڵی بەتینە

منداڵی زیت و وریا

کتێب وا لە ناو دڵیا

# بەستەی منالّیکی ئاوارە

گولّ خونچەی نیشتمانم
چقلّم بۆ دوژمنـــــانم
سوێندم خواردووە بە ئینسان
بۆ منـــــالّی هـــــەژاران

پێنوس بم جل و بەرگ بم
ئازا هاوڕێی تفەنگ بـــم
هەرگیز خۆم نەدۆڕێنم
گەلەکەم نەڕەنجێنـــــم
قالّبووی بیرێکی تازەم
پڕ گۆرانی و ئـــاوازەم
خۆلیاو هەست و ڕێڕەوم

بۆی ئەژیم دوای ئەکەوم

پردم بۆی تا بمێنـــــــم
پەیامە و بەجێی دێنم
ژینم ئاوێنـــەیـــانە
ئاوازی تێکۆشـــــــانە

پاك و بێگـــــەرد و ئازام
وەك بوکی شۆخی مەرام
لە ڕێگەی قازی ئەمـــرم
ڕێزی چوارچرا ئەگـــرم

# خاڵخاڵۆکە

ئەی خاڵخاڵۆکەی بچووك

بفڕە بۆلام چەشنی بووك

ببین بە هاوڕێی گیانی

بژین بە شادمانی

بۆ ئاسۆی دواڕۆژی ڕوون

پرد بین لە ڕێگای یەك بوون

هەر چەند تۆ بێ زمانی

لە هیوای من نازانی

من تۆ زۆر باش ئەناسم

خاوەنی باس و خواسم

تۆش سەرمەستی فڕینی

دژی پەستی و گرینی

وەرە هەردوو پێکەوە

بە دووی ئاواتێکەوە

هەر خۆل بخۆین و بفڕین

خاڵخاڵۆکەی باڵ نەخشین

(ماڵی خاڵم لە کوێیە

پیشانم دە ئەو ڕێیە)*

تا ملی ڕێگەی بگرم

جا ئەوساکە باڵ ئەگرم*

+ وەك مناڵێکی وریا

خاڵخاڵۆکە بۆم گریا

ووتی من و تۆ هاوڕێین

بۆ بۆنی گوڵ چاوەڕێین*

*دێڕێکی فۆلکلۆری کوردیيە.

* دێڕە شیعرێکی هاوڕێم ئەبوبەکر قەرەداخیيە.

* لە ژمارە (٥٧) ی گۆڤاری بەیان دا ساڵی ١٩٧٨بڵاوکراوەتەوە.

# سرودی جۆلا

جۆلا ڕەنگی جوان ئەناسێ

وەك هونەرمەند...

لە گشت ڕەنگێ

دای ئەڕێژێ بۆمان باسێ...

***

مامە حەمەی قۆشمەی جۆلا

خەمی ئێمەی... دا بە کــۆلا

ئێمەی منالّی باخی ئەو

پەپولەی ڕۆژ

پەپولەی شەو

بەدەوری چرای ژیانا

دێین و ئەچین

ئەفڕین...ئەفڕین

بەسەر گوڵی سوور و جوانا
بناغەی ژین ...دائەڕێژین.. !
وەکو جۆلا لە ڕەنگی سور
بەری ڕەنجی کوردستانی گەورە ئەچنین
***
من حەز ئەکەم
وەکو جۆلا، هونەرمەند بم
زەوقم جوان بێ، بەهرە مەندبم
مامەی جۆلا تا ئێوارە، بەن ئەچنێ... !
شان و قۆڵی کۆڵەوارە...

شان وەشاندن پیشەی ئەوە
شەوی ڕۆژە، ڕۆژی شەوە
جۆلا پۆپەشمین و بەرماڵ
وەکو نەخشەی وولاتەکەم
ئەنەخشێنێ...
لە بەنی ئاڵ... !

# سرودی بەیانی

بەیانی زوو هەستا بووم
لە باخچەکە وەستا بووم

وەرزشی خۆم کردبوو
وانەکانم خوێند بوو

دنیای ڕوون لە بەرچاوم
بەهەشتە و تیــا ڕواوم

هەتاکو دەرس بزانم
زۆر نەبێ، لەسەر شانم

ڕۆژ بەرۆژ و زوو بەزوو
هەر هەوڵ ئەدەم بێ پشوو

ئەمڕۆکە ئیمتیحان بوو
پرسیارەکان، گران بوو

ئیمتیحانی خۆمـــــــم دا
(دە)م هێناوە لە (دە) دا

هاوڕێی شیرینم نەکەی
کاری ئەمڕۆ دوابخـــەی

مندالّی ژێر گشـــــت ئەرکێ
ئەنجام دەدا، دەست بەجێ

دەســـــــا هاوڕێی ئازیزم
بە گوێم نەکەی لێت زیزم*

* لــە ڕۆژنامــەی (بــیری نــوێ) ژمــارە ٢١٩ ســالّی ١٩٧٦ بــەناوی "ســەپان حەسەن"ەوە بلاّوبۆتەوە.

# دار بەڕوو

داربەڕووەکەی ئەو گوندە
قەشـەنگ و جوان و ڕندە

ئەبینم سەوزو گەشـــــە
دژی مرۆی دڵ ڕەشـــــە

وا دێن کە بیسـووتێنن
ڕەگی لەبن دەربێـــنن

بۆیە کەوتۆتە لەرزە
باوەش ئەکا بە ئەرزا

ئەو ڕەگی زۆر ڕۆچووە

قوربـــانی خاکی بووە

بۆیە ئەوینی خـــــاکە

چرۆی ناو دڵی پـاکە

لە ڕێگـــــــــایەکی پیرۆز

ئەبێ بە پشکۆی نەورۆز

داربەڕووەکەمان نامرێ

هەمیشە بەڕوو ئەگرێ

# بێداری

جریوە جریوێ، دێتە گوێم
خەریکە بۆی بســـــوتێم

جریوەی باڵندەیـــــە
گەرووی پڕ لە مژدەیە

بانگم ئەکا سەربەست بێ
تا جیهانی پێ مەست بێ

باڵندەی جوان و قەشـــەنگ
دەنگ خۆشی پڕ لە ئاهەنگ

چاوت بەکل ڕشـــــتووە

ناحەزت پـێ کووشتووە

منی منـــــــالّی هاوڕێــت

زۆر حەز ئەکەم بگەم پێت

تۆ لەو ســـەر چلّە بەرزە

لەو جێگا خۆش و سەوزە

بانگم ئەکەی چۆن بفڕم

خۆ خەریــکە بالّ بگرم

چی بکەم بێ پەڕ و بالّم

**لە دوورەوە ئەنـــــاڵم**

**وەرە ببین بە هـــاوڕێ**

**تا زەفەرمان پێ نەبرێ**

**تۆ بە دەنگ و جریـــوە**

**هەستی خۆت دەربڕیوە**

**هەردوو بە شـــادمانی**

**ژین پڕکەین لە گۆرانی**

**با تێــکڕا ئـــازاد بژیــــــن**

**گوێ لە نەغمەی یەك بگرین***

* مۆسیقاری ناسراو مامۆستا(صەلاح ڕەووف) ئاوازی بۆ ئەم هۆنراوەیە داناوە و سەرەتای سالآنی هەشتا بە دەنگی تیپی منالآنی پیرەمێرد، بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کراوە.

# پەپوولە

ئــەی پەپوولەی باڵ پەمەیی

بفڕە بۆ لام بە شـــــێنەیی

وەرە وەرە، باخەڵمـــــەوە

لەم گڕەیە بتشــــــارمەوە

وەرە بۆچی لێم ئەترســـی

خۆ لاسار نیم، گەر ئەپرسی

هەرگیز باڵت ناپروێنـــــــم

له دەفتەرا ناتتاسێـــــــنم

دژی منداڵی چـــــەتوونــــــــم
ڕووبارێکی پـــــاك و ڕوونـــــم

حەز ئەکەم گشت زینـــدەوەری
دەرســـــی ڕاستیم لیّ وەرگـــری

دەی پێت ئەڵێم پەپولەی جوان
با تێر بۆن کەین، گوڵی ژیـــــان*

له ژماره (یەك)ی گۆڤاری پەپوولەی کۆمەڵەی منداڵپارێزی کوردستان ساڵی ١٩٩٢بڵاوکراوەتەوە.

# مامۆستای نەمر

منالێکی زۆر وریام

گوێڕایەڵی مامۆستام

خۆشی ئەوێم پڕ بەدڵ

ئەمپارێزی وەکو گوڵ

فێرم ئەکا دڵســـۆز بم

عەشقی گڕی نەورۆزبم

ڕەوشتو خوم وەك ئەوبێ

تریفـــــــەی مانگەشەوبێ

بۆیە ئێســـــــتاکە ژیرم

پاك و بێگەردە بیـــــرم

سوپاس بۆتۆ مامۆســـــتا

وای لە ناو بیـــر و هەستا

ڕێزت وا لەســـــەر سەرم

ڕێگـــــەی پیرۆزت ئەگرم

# خونچە

من خونچەی نەوبەهارم

نێرگـــزی نێو گوڵزارم

دیاری جەژنی نـەورۆزم

وەکو کاوە دڵـــسۆزم

هاتووم خێر و فەڕ بێنم

تۆوی برایــــی بچێنم

لە نێو نیگـــام بڕوانن

تا لە نیــــازم بزانن

کوا مرۆی ئەم دنیــــایە

گشت وەکو یەك بژیایە

داری ئـــــــازادی ژیـــــان

سێبەرکا بۆ کوردســــــتان

تاکو بە خـــــاکەکەی خۆم

بڵێم منیــش ڕۆڵـــەی تۆم

ئەوســـــاکە ئێمەی منالْ

بمان بوایە جووتێ بـــالْ

هەتا بفڕین بۆ ئاســـمان

تامی کەین شیلەی ژیان

# شوانه بچكۆلەكە

شوانێكی ئازا و دیـــــارم

قاڵبووی ئێش و ئـــــازارم

هاواره ئەڵێم جــــــاران

ڕەگم ووشك بوو بێ باران

ئێستا بەڕۆژ لەو دەشتەم

گوڵێكی ئەم بەهەشــــتەم

دەدەمە پێش بزن و مەڕ

بۆ قەد پاڵ و ناو لــەوەڕ

باش ئەیـــــان لەوەڕێنـــم

سامان بۆ گەل پێك دێنـــم

بە شەویش ئەبمە خوێندکار

ئەنووسم (دارا) و (دوو دار)

وورده وورده فێر ئەبـــــم

دیاره وەکو شێر ئەبـــــم

بە شوانێکی زۆر هۆشـــیار

خۆم دەردێنم لە ژێر بـــار

ئەوسا پیشە و زانیـــــاری

بۆمان دێنێ، بەختیـــــاری

# پەڕەسێلکە

پڕ گەروم مژدەم پێ یـــــە
بەستەیە، بۆ ئەم ڕی یـــــە
سروودی خۆشەویســــــتی
دووربێ لە گریە و پـــەستی
هەر چەندە ئەم ووشانـــــە
یەك خستنیان، گرانــــــە
بەڵام بۆ تۆی پەڕەی گوڵ
دانـــــــراوی لە جێی دڵ
لە ئاسمانێکی جوانــــــا
ئەفڕین، بەڕووی جیهانــا
هەموو زەمین جوانی‌یـــە

گوێت لە خوڕەی کانی‌یە

تۆ کـــەوا زۆر بچووکـــی

بێ دەنگ و ئێســك سووکی

دڵت بە قەد زەمینـــــــە

بۆ ئێمەی پاك پەرژینــــە

خۆشەویستی، لێ ئەتــکێ

ئەزانم ئەیدەی بەکــێ...؟

ئاشکرا و ڕوونە لــە لات

منالاَن گشــت دێن بۆلات

خۆشەویستی ئەســێنن

بە مرۆڤا ئەیپرژێنــــن

# بەستەیەك

قووتابیـــانی ئــەم دێیە

ژیرترن لە گشـــت جێیە

بەیانیان زوو هەڵئـــەستن

توێشووی زانین ئەبەستن

ئەبڕن ڕێگای خوێندنگــــــا

وەك لە بێشەی جەنگــــــا

پۆل پۆل ئەڕۆن بۆ ئاهەنگ

هێمن لەسەرخۆ بێ دەنگ

چاوی کوردســــــــــتانیانن

هێزی دڵ و گیــــــــانیانن

ئەمڕۆ کەوا ئەخوێنــــــــن

تێشوویەك بەرهەم دێنـن

ئێستا ئەیبەستن لە پشت

سبەی خۆراکە بۆ گشـــت

# باران

ئەها بـــاران باريــــوە

خێر و فەڕی هانيــــوە

گوندەکەمان بەهــــاران

بەهەشتە بۆ منـــــداڵان

هەر کە باران ئەبـــارێ

هەرکەس لە گوێ کەنارێ

ئەيکەينە بەزم و يـــاری

خەندە ئەبەین بە دیـاری

کەس نـــــیە ڕێمان بگرێ
ناحەزمان با شــــەق بەرێ
ڕاکەین بە دوای بــــەرخەلا
سەرکەوین، بەسەر کــــەلا

یان لە باخچە و دارســتان
(هەڕەزانێ)*ی بــن داران
(قەرەقەرە)*ی نیوەشەو
کوا چاومان دەچێتە خەو

(هەدار هەدار)* و (سێـــــــبان)*

ئەمان کا بە هەڵۆ وبـــــــــــاز

(تەپکە)*و (داو)*ی ئەم گوندە

بۆ ئێمەی منداڵ قــــــــــەندە

خلیســــــــــکانێی سەر بەفر

کردوومــــــانی بە ئـــــــــاگر

دڵمان پشکۆیە گەشــــــــــە

لە ڕق و قین بێ بەشــــــــــە

* ئەو ووشانەی ئەستێرەیان لەسەرە کۆمەڵێ یاری فۆلکلۆری منالآنی گوندەکانی ناوچەی گەرمیان بە تایبەتی کەرکوك و چەمچەماڵن.

# بەستەی منالْ و دەریا

منـــــالْ:

دەریایـــــــــــەکی فراوانی

بەستەی ئێمەی منـــــالانی

پڕ بە دڵمان خۆشمان ئەوێ‌ی

ڕۆژێ ئەبێ بۆ لامان بـــێ‌ی

چاوی گەشمان، فرمێســکتە

ماندووبوونمان، هەنســـکتە

ئێمەی فریشتەی ڕووبـــارت

بووینە شەپۆلی، کەنـــارت

دەریا:

لە کوێوە دێن، بۆ کویێ ئەڕۆن...؟

فریشتەی دەم کەلی ئاســۆن

کارمامزی کەژ و کێــــــون

بەستەو گۆرانی، سەر لێــون

چیمەنی تازە بەهــــــــارن

خوڕەی تاڤگە و چپەی دارن

هاژەی شەوی گویێ ڕووبـارن

شەقەی شابالّی بالّـــــدارن

خۆشەویستی ئێوەی پــاکم

ئیوەن براو هاوڕێی چــاکم

منيش وەك ئێــــــوە، بێباكم

عاشقكێكى خـــــۆڵ و خـــــاكم

دلْدارەكەم، وەكو ئێـــــــوە

تيشكى زێڕينى لە لێـــــــوە

تێر ماچم ئەكا و بە كـــــپى

ئەمكا بە بارانێ ســــــپـــــى*

مژدەی خۆشەويستى و شادی

دێنم بۆ كۆرپەی ئـــــــازادی

* ئەم شيعرە و هەندێ لە شيعرەكانى تريش پيشانى شاعيرى گـەورە و ناسـرا و مامۆسـتا (لـەتيف هەڵمـەت)دراون بـە سـەرنج و پێشـنيارى بـەنرخى ڕێنمـايى كردووم، سوپاسى ئەكەم.

# قەلە ڕەشکە

قەلەڕەشکەی قەلەڕەشکەی

ئەوە هاتووی دڵم ڕەش کەی..؟

بەد فەســـــاڵی تەمەن درێژ

ئەی گۆشت خۆری گێژ و وێژ

لە سەر لاکی تۆپیو ئەژیـــت

باش ئەتناسم، ئەزانم چیـــت..؟

هەر دەست نەکەوت لاکی تۆپیـو

دێیت و ئەچیت ئەم دیوو ئەو دیو

جوجەڵەکانم ئەفڕێـــــــنی
چەشنی واشە هێرش دێنی
خەیاڵ نەکەی لە کەمــینام
نایەڵم بگەی بە مــــــەرام

منداڵانی ئاوایــــــــی گشت
بۆ یەکتری ئەبین بە پشت
لەچەندلاوە ڕاوت ئەکەین
تا لە دنیا بەد ناوت کەین

ئیحایەکی دژی شەڕی عێراق و ئێران

# مامۆستای گوندەکەمان

منـــــاڵانی ئـــاوایی

وەرن بیکەین بەشـــایی

بەخۆشی مامۆســـــتاوە

خەندە پڕکــــا ئەم ناوە

چونـــــکە دڵی گەورەیە

کێ دڵی ئاوای هــەیــە

بەقەد ئەو شـاخ و کێوە

خۆشەویســـتی وا پێوە

خەندەی لە لێو ئەبـــــارێ

وەك گـــــــەوهەر دێتە خوارێ

ئێمەی وەك خۆی خۆش ئەوێ

گەر چاو لێك نەنێ شــــــەوێ

نازانێ ئـــــــــــاخ ناڵێ ئۆف

بژی مامۆســـــــــتای مـرۆڤ

ئێستاكە ئەو چاومــــــــانە

دەریای نەوەســــــــتاومانە

گـــــــەر بڵێ بمرن ئەمـرین

ڕێـــــــگەی پیرۆزی ئەگرین

## بۆ هاوڕێی بەڕێزم سەردار فەتاح ئەمین

سڵاوت لێ بێت....

وەك تاقی کردنەوەیەکی ژیانی مامۆستایی خۆم...ئەو کاتە چەند شیعرێك لەم شیعرانەم لێ وەرگرتیت، لەگەڵ هەندێ شیعری کاکەی فەللاح دا، ئەو کاتە لە دارە ڕەش، تازە دێ و جافەران* .... قوتابی‌یەکان زۆر بە گەرم و گوڕ و چالاکانە لە هەست و دنیای پاك و بێگەردی شیعرەکاندا ئەژییان و خۆیان تیا ئەبینی، هەر چەندە هیچ شتێك نی‌یە هەمووی هەر باش بێت و هەر ئەبێت بێکەم و کوڕی نەبێت. بەڵام من جۆرە هەڵسووکەوتێکم لە قوتابی‌یەکاندا ئەبینی، یەك پارچە هەژانێکی کاریگەر بوو..... کە تەقینەوەکانی بەهرەیەکی شیرین و سازگار بوو... مەگەر خۆم بزانم تامی شیرینی‌یەکەی چی‌یە ...! ئەمەی کە ئەیڵێم تاقی کردنەوەی ئەو تەمەنە کورتەی مامۆستاییمە تەنها .....

عەبدوڵڵا کەریم مەحموود

١٩٩٢-٢-١٠

---

- کۆتایی ساڵانی حەفتا و سەرەتای هەشتاکان.

Serdar Fetah Emîn

Emsterdam: 2001